# " قەسیدەیەك بەر لە خۆكوشتن "


**زمناكۆ بورهان قانع**

zimnaco@hotmail.com


**"خۆکوشتنێك خۆی خزاندۆتە ژووری نوستنەکەمو ناهێڵێت ئەم قەسیدەیە تەواو بکەم"**

**بێزارم ...**

**هێندەی بێزاری خوداوەند لە ئەفعالی ئەهریمەن**

**بێزارم ...**

**هێندەی بێزاری عاشقێك لە گوڵێکی بیَ بۆن**

**بێزارم ...**

**هێندەی بێزاری ڕێواسێك دوای خرمە خرم لە نێو دەمی چڵێسێكدا**

**ڕەشبینم ...**

**بە بارتەقای ڕەشبینی قەلەڕەشێك لە فڕین**

**دوای تەڕبوونی باڵەكانی بە بارانێكی قین لە دڵ**

**لە ووشكە ساڵی مرۆڤدا**

**ڕەشبینم ...**

**وەك ئەو ژنە قەیرەیەی**

**كە هەموو تەمەنی بۆ چاوەڕوانی باوەشی پیاوێكی مەست**

**تەرخان كردو ئەویش نەهات**

**رەشبینم‌و بێزارم ... ئەی مەرگ**

**دەلیلم بە...**

**دەلیلم بە... و**

**ڕزگارم كە لەم ژیانە لاسارەی خۆم**

**بمخەرە سەر كەنارێكی پڕ لە سكون**

**هاوڕێم بە ...و دەلیلم بە ... ئەی مەرگ**

**لەو كاتەی من لە جۆگەیەكدا دەخنكێم‌و**

**قوڕو لیتەیەكی خەست لە گەروومدا ئەتاسێت**

**هاوڕێم بە ...و دەلیلم بە ئەی مەرگ**

**لەدوای ژەنینی پارچەیەك مۆسیقا بە كەمانچەی**

**مۆسیقاژەنێكی بێ مەئوا**

**که هەمیشە خەون بە کوخێکەوە دەبینێت**

**لە ئیقاعێکی پڕ سکون**

**دەلیلم بە... وەك دەریاناسێکی گەڕیدە**

**دەریا ناسێك**

**که هەمیشە ئاڕاستەی کەشتیەکەی خۆی وون دەکا**

**دەریا ناسێك**

**لە جیاتی کۆچ بۆ مەملەکەتی خۆشنودی**

**قیبلەنمای نێو کەشتیەکەی پێی دەڵێت :-**

**بەختی تۆ لە دەریایەکدا وجودی هەیە**

**که نە خۆشگوزەرانیو نە پێکەنین**

**هەرگیز ڕێیان ناکەوێتە ئەویٚو**

**مەرجانو یاقووتی لیٚ نیە .....**

**دەلیلم بە ... وەك ئەو پیرە ژنەی لە نێو کوخێکدا**

**بە دیار بەختی ڕەشی خۆیەوە**

**تەنهایی دەگوزەرێنیٚ بەردەوام**

**وەك ئەو منداڵە بێکەسەی**

**پێش ئەوەی لەمسی منداڵی خۆی بکات**

**پێیان دەگووت :-**

**تازە تەواو تۆ گەورە بوویت...**

**تازە تەواو تۆ ناتوانیت منداڵی خۆت بدۆزیەوە**

**لەوکاتەشدا کە گەورەبیت ووردو خاش بوو**

گەڕانەوەت زۆر مەحاڵە
بۆ گەیشتن بە منداڵی
ئیدی ئەی دەلیلی ئەم خۆکوشتنەی ئێوارانم
تۆ ناتوانیت تەفسیر بدەی بە ژیانم
تۆ ناتوانیت شەرحی بکەی
ئەو کاتانەی
کە بای نەسیمێك هەڵدەکات
خۆڵەمێشی جەستەی منیش خامۆش خامۆش دەسوتێت‌و
تۆ نایبینیت
چونکە ئەو کات
واهەست دەکەم
خۆکوشتنێك بە دزی فڕینی باڵندەکانی سپێدەوە
خۆی خزاندۆتە ناو ژووری نوستنەکەم
وا هەست ئەکەم
چی دی کاتی ئەوەم نەماوە
ماڵئاوایی لە دایك‌و ئەزیزانم بکەم
ئیدی ئێستا لە ناو جێگەی نوستنەکەمدا
پێش ئەوەی چێژ لەم خۆکوشتنەی خۆم وەرگرم
وا هەست دەکەم
باڵی سیمرغێك دەبینم لە فڕین کەوتووەو
بە شوێن کەنارێکی ئارامدا دەگەڕێت

**تاكو لەنگەر لەسەر ڕۆحی پەژموورده‌ی خۆی بگرێت‌و**

**چی دی ڕێگایەك تەی نەكات**

**كە نا ئومێدە لە گەیشتن بە لوتكەی چێژ**

**لە ژیان...و لە فڕین ...و لە دەستكەوتنی نێچیرێك**

**لە خۆی تیژڕەوو و خێرا تر**

**دەسا ئەی مەرگ دەلیلم بە ...**

**ئەوا ئێستا خۆكوشتنێك خزاوەتە نێو ژووری نوستنەكەم‌و**

**بۆنی خوێن ... بۆنی ئازار ...و... بۆنی برین**

**كاسی كردووم**

**ئەوا ئێستا باوەش بەو خۆكوشتنەدا ئەكەم‌و**

**تۆش وەك جاران**

**دەلیلم بە ... دەلیل**

**ئەی مەرگ**

**دەلیلم بە ... ئەی بۆنی خوێن**

**دەلیلم بە ... ئەی خۆكوشتن**

**دەلیلم بە...**